# زایەڵە[1]، بەرەو پێشەوە دەچێت!

کوێستان د.
ستۆکهۆڵم ٢٠٠٥/١١/١٢

ڕادیۆی نێونەتەوەیی سوێد SR International[2] بە چەندین زمان پەخشی هەیە، لەوانە بە زمانی کوردی کە بە هەردوو زاراوەی کرمانجی خواروو و ژوورو پێشکەش دەکرێت.
چەندین ساڵ کوردەکانی دانیشتووی سوێد، بە پێچەوانەی نەتەوەکانی دیکەوە، لە بەرنامەیەکی ڕادیۆی سەرانسەریی بێ بەش بوون. ئەو نەبوونییە بە چالاکی کولتوریی، سیاسیی و فەرهەنگیی کوردەکانی دانیشتووی سوێدەوە دیار بوو.
بەڵام، بە هەوڵێکی زۆر ئەو کارە کرا و پەخشێك بە ناوی "زایەڵە" لە ٢٠٠١/١/٦ ڕێکەوتی ئێوارەی ڕۆژی شەممە بۆ یەکەم جار بە ئاسمانی وڵاتی سوێددا بە زمانی کوردی بڵاوبووەوە. دەستپێکردنی ئەو پەخشە نێونەتەوەییە بە زمانی کوردی هەنگاوێکی گرینگ و هەروەها مێژوویی بوو لە مێژووی پەخشی ئاسمانییدا لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی.
زمانی کوردی لە پەخشی نێونەتەوەیی سوێددا بوو بە هاوشانی فارسی و عەرەبی و تورکی. کوردەکانی دانیشتووی سوێد هەروەك نەتەوەکانی دیکە بە هەمان ئەو هەواڵ و دەنگوباسانە شاد دەبوون کە بایەخ و گرینگی ئەو ڕۆژەیان هەبوو چ لەسەر ئاستی سوێد و چ لەسەر ئاستی کوردەکانی دانیشتووی سوێد و زۆر جاریش لەسەر ئاستی کوردستانیش.
لە ڕاستییدا ئەم پەخشە نێونەتەوەییە بۆ ئەوەیە کە دانیشتوانی سەر بە نەتەوەیەك بتوانن بە زمانی دایك ئاگایان لەو هەواڵ و دەنگوباس و چالاکیانە بێت کە لە سوێد ڕوو دەدەن و کە بۆ ئەوان گرینگە. بەڵام هەروەها ئەو دەنگوباس و چالاکییانەش کە لە وڵاتی خۆیان ڕوو دەدەن و کە دەشێت پێوەندی بەمانەوە هەبێت لە سوێد. لەبەرئەوە زۆربەی بابەتە کوردیەکان توانراوە و دەتوانرێت بەگشتیی بۆ هەمووان سوود مەند بێت، بەو شێوەیە دەتوانرێت بگوترێت کە زایەڵە لە بەستنەوەی کوردستان بە خەڵکی کوردی دانیشتووی سوێد زۆر سەرکەوتوو بووە. دەشتوانرێت بەرنامەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتی جیهانییش پاش بڵاوبوونەوەیان ببیسترێن.
ئێستا زایەڵە هەفتەی یەك سەعات بڵاو دەبێتەوە، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ئاییندەوە، ٢٠٠٦، دەبێت بە دوو کاژێر و دە دەقیقە. واتە دەتوانرێت ڕۆژانە دووشەممە تا هەینی ڕۆژی ٢٠ دەقیقە و شەممانیش ٣٠ دەقیقە گوێ لە بەرنامەکانی زایەڵە بگیرێت. ئەمە سەرکەوتنێکی دیکەی ڕۆژنامەگەریی و پەخشی نێونەتەوەییە بۆ خەڵکی کورد. لە ڕووی کۆمەڵایەتیی، فەرهەنگیی و سیاسیەوە بە مانای پێشکەوتنی دیار و بەرچاو دێت. لەبەر ئەوە گرینگە کە هەموو کوردێك بە گوێگرتن لە بەرنامەکان، بە ڕەخنەگرتنی دروست و بەجێ و بە پێشنیاری کۆنکرێت و ڕیئالیستی بابەتەکانی بەرنامەکە دەوڵەمەندتر بکەن.
زایەڵە بە هۆی هەمەڕەنگی بابەتەکانیەوە، کە کوردی هەموو پارچەیەکی کوردستان لە سوێد بەشداریی تێدا دەکەن، خزمەتێکی گەورە بە بیری دیموکراسیی، ئازادیەکانی تاکەکەس، بەرپرسیاریی سەرشانی تاکەکەس و مافەکانی دەکات. مرۆڤی کورد نێزیکتر دەکاتەوە لە ڕووداوەکان و دەبێتە هۆی چالاکترکردنی کورد لە بوارە جوداکانی ژیانی سوێددا. خاڵێکی دیکەی گرینگ ئەوەیە کە زمانی زایەڵە کوردیەکی وا ستاندارده کە زۆربەی زۆری کورد لە هەر شوێنێك بێت بەگشتیی دەتوانێت لێی تێ بگات.
بە هەلی دەزانم، بە هۆی زیادبوونی کاتی وەشانیەوە، پیرۆزبایی لە زایەڵە و بیستەرانیی، بەڵام هەروەها خەڵکی کورد بە گشتیی، بکەم. دەستخۆشیی و ماندوونەبوونییش لە هەموو ئەو هاوڕێیانەی کارمەندی زایەڵە دەکەم کە هەوڵ دەدەن ئاستی ڕاگەیاندنی کوردیی بگاتە هاوئاستی جیهانیی وا کە شایستەی گوێلێگرتن بێت.

---

[1] http://www.sr.se/cgi-bin/International/programsidor/index.asp?ProgramID=2200
[2] http://www.sr.se/international/index.stm